

## سەلام عەبدولا بەرپرسی لقی چواری پارتی

# قسەکردن لە گواستنەوەی دەسەڵات لەدوای کاك مەسعودەوە بۆ کاك نێچیر یان کاك مەسرور شتێکی حەرام نییە

دیداری ئەحمەد میرە و هێمن باقر

**ئەو هێڵە فکرییە کامەیە؟ کە لە پشت پارتی دیموکراتی کوردستانەوەیە. ئەو پارتە سیاسییەی کە کۆنترین مێژووی سیاسی هەیە لەم وڵاتە دا، چۆن دەڕوانێتە رۆشنبیر؟ رۆشنبیر لەناو ئەدەبیاتی سیاسی ئەم پارتەدا چۆن مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت؟ چۆن تێیدەڕوانێت؟**

**ئەو هۆکارانە چین کە وای لە رۆشنبیرە چەپەکانی کورد کردووە لەناو ئەم حیزبەدا باڵادەست بن؟ دابەشبوونی پارتی لەنێوان دوێنێی ئاینی و ئەمڕۆی عەلمانی بووندا چۆن بخوێنینەوە؟ جیهانبینی ناو باڵە فکرییەکانی پارتی بە چ ئاراستەیەکدا رۆیشتووە؟ پەیوەندی پارتی بە گەنج و رۆشنبیران و خەڵکی شارەوە لە چ ئاستێکدایە؟ ئایا پارتی ئەو هێزە فرەمیمبەرەیە کە بتوانێت تێکڕای ئەو دیوە جیاوازانە لەناو خۆیدا کۆبکاتەوە؟ چوونی رۆشنبیرانی چەپ بۆ ناو پارتی، دەرئەنجامی گۆڕانێکی فیکرییە یاخود ویستێکی کەسییە؟**

**لەم دیدارەدا بەڕێز سەلام عەبدولا لێپرسراوی لقی چواری پارتی وەڵامی تێکڕای ئەو پرسیارانە دەداتەوە. (سەلام عەبدولا) سەرەڕای ئەوەی لێپرسراوی لقە یەکێکە لە رۆشنبیرە دیارەکانی ناو پارتی.**

**لڤین: پارتی دیموکراتی کوردستان چۆن دەڕوانێتە رۆشنبیر ؟**

سەلام عەبدولا: پارتی وەك حیزبێکی دیموکراتی عەلمانی لەزۆر بۆنەدا ئەوەی وتوە کە رۆشنبیر دەبێت لەناو حیزبدا دەسەڵاتی هەبێت، هەروەها وتراوە کە دەبێت رۆشنبیر کەسایەتی خۆی هەبێت، گەر موتابەعەی وتارەکانی سەرۆك بارزانیتان کردبێت زۆرجار ئەوەی وتوە کە رۆشنبیر مافی خۆیەتی رەخنەمان لێبگرێ و کەموکوڕییەکان دەربخات، بەڵام دەبێت چوارچێوەیەك هەبێت، بەداخەوە لای ئێمە ئەوەی رۆشنبیر بوو ئیتر وادەزانین دەبێت هەموو شتێك بڵێت، لە دونیای رۆشنبیرییدا، ئەو ئازادییە رەهایە نییە، کە هەرچیت بوێت بیڵێیت.

**لڤین: بەبڕوای پارتی ئەو شتە چییە کە نابێت رۆشنبیر بیڵێت ؟**

سەلام عەبدولا: لە هەموو وڵاتێکدا دابونەریت هەیە و مافی مرۆڤیش هەیە و نابێت تەداخول لە

مافی تاکەکەسی خەڵکدا بکرێت، بۆت هەیە رەخنە لە کەسایەتییەکی سیاسی بگرێت بەڵام بۆت نییە بچیتە ناو ژیانی تایبەتی ئەو کەسە، ئەمە نەك لای پارتی بەڵکو لای هەمووحیزبێکی پێشکەوتوو هەر وایە، ژیانی تایبەتی شتێکی تابۆیە، بۆت هەیە لەگەڵ کەسێکدا ململانێ بکەیت، بەڵام بۆت نییە تاوانباری بکەیت. بۆ نموونە یاریزانێکی سویدی چەندینجار پاڵەوانی جیهانی بوو لە یاری تێنسدا بەڵام رۆژنامەنووسێك لەسەری نووسیبوو وتبوی وا گومان دەبەم ئێواران لەماڵەوە (مادەی بێهێۆشکەر) دەخوات هەربۆیە یاریزانەکە شکاتی لە رۆژنامەنووسەکە کرد و بەملیۆنێك کرۆنی سویدی سزایاندا. باوەڕم وایە پاراستنی قودسیەتی کەسێتیی کوردی کارێکی پێویستە، بۆنموونە نابێت کە باسی شێخ مەحمودت کرد لە لێکۆڵینەوەکەتدا زامداری بکەی یان بیشکێنی لەبری ئەوەی هەڵیبسەنگێنی، باوەڕناکەم هیندییەك قبوڵبکات گەر باسی غاندی بکرێت، بشکێنرێت.

**لڤین: ئەو هێڵە پیرۆزەچییە کە لەناو پارتیدا نابێت ببەزێنرێت ؟**

سەلام عەبدولاڵ: ئەو کەسایەتییانەی کە تێکۆشاون بۆ میللەتەکەمان بۆ نموونە بارزانی، بۆت هەیە رەخنەی لێبگریت، هەڵیبسەنگێنیت، کەموکوڕی و هەڵەکانی کە لەژیاندا کردوویەتی ئاشکرای بکەیت، بۆ نموونە کابرایەك لەسایتی کوردستان پۆستدا دەنووسێ بارزانی بە بەکرێگیراوی (کەی جی بی) بووە، گەر بارزانی لە قەوقاز بێت، سۆڤێت چ پێویستی بەوەیە کە بارزانی عەمیلی بێت، لەوێ پەناهەندە بوو، تۆ دەتوانی کەسەکان و شۆڕشەکان هەڵبسەنگێنی و لەو بارودۆخە بکۆڵیتەوە کە شۆڕشەکەی تێداکراوە بەڵام چوونە ناو شتی تایبەتییەوە دەبێت بە تابۆ و کەسیش سوودی لێوەرناگرێ، ئەو نووسینانەی کە لەو سایتەدا بڵاودەکرێتەوە کێ سودی لێوەردەگرێ.

**لڤین: ئەمە رێگرتن نییە لە لێکۆڵینەوە لەسەر مێژووی کورد و کەسایەتییەکانی ناو ئەو مێژووە؟**

سەلام عەبدولاڵ: کەس رێ لە لێکۆڵینەوە ناگرێت، بەڵام مەبەست لە لێکۆڵینەوەکە چییە؟ ئەوە گرنگە، دۆکیۆمێنت هەیە کە من بە ئینگلیزی خوێندوومەتەوە باس لەوە دەکات کە با یارمەتی بارزانی بدرێت شۆڕش بەرپابکات و لەداهاتوودا سودی لێوەردەگیرێ ، چونکە ئەوکات دوو بلۆك هەبوو بلۆکی رۆژهەڵات و رۆژئاوا مادام ئەوان دژایەتی بیری سۆشیالیستیان دەکرد پێیانخۆشبوو لەم وڵاتانەدا جموجوڵ دروست ببێت، ئەمە مانای ئەوەی نییە کە بارزانی ئاگای لەمە بووە و بەرێکەوتن کراوە، یاخود بارزانی داوایکردبێت ئیش لەگەڵ ئەواندا بکات. لەم ماوەیەدا کۆمەڵێك شت لە رۆژنامەکان بڵاوکرایەوە لەسەر خەڵکانێك کە سیخوڕییان بۆ بەعس کردووە، بەڵام هەندێکیان راپۆرتی حکومەتەو کێ دەڵێ راستن.

**لڤین: بەلای تۆوە شتێکی ئاسایی نییە کە بارزانی پەیوەندی بەلایەکەوە هەبووبێت، یان وەکو سەرکردەیەکی سیاسی کورد پەیوەندییەکی نهێنی لەگەڵ لایەکدا هەبووبێت، بۆچی لە باسکردنی ئەمە بترسین ؟**

سەلام عەبدولاڵ: بەبڕوای من بەوشێوەیە نەبووە کە ئەو نووسەرە باسیدەکات، جۆری بەکارهێنانی دیکۆمێنتەکە بۆ مەبەستێکی خراپە، بەڵێ دیکۆمێنت هەیە لەسەر بارزانی خۆی کەلەو وڵاتە پەناهەندە بووە، هەر کەسێك لە هەر وڵاتێك پەناهەندە بێت موخابەرات دەبێتە بەرپرس، مەرج نییە هەرکەسێك ناوی لە فایلێکدا هات ئەوە پیاو خراپ بێت.

**لڤین: دەچینە سەر تەوەرەیەکی تر هەموو حیزبێک هێڵێکی فکری لە پشتییەوەیەتی، بۆ نمونە یەکێتی فەلسەفەیەکی سۆسیال دیموکرات لەپشتیەوەیەتی، پارتێکی ئیسلامی فەلسەفەیەکی دینی لەپشتیەوەیەتی، دەکرێت پێمان بڵێیت ئەو هێڵە فکرییەی کە لە پشت پارتییەوەیە چییە؟**

سەلام عەبدولاڵ: فەلسەفەیەکی دیموکراتی نەتەوەیی، پشت نابەستێ بە چینێکی دیاریکراو، حیزبی هەموو ئەو کەسانەیە کە بیروباوەڕی دیموکراتی و نەتەوەیی قبوڵدەکەن، بارزانی کە پارتی دروستکرد بۆ بەرگریکردن بوو لە هەموو کورد نەك لەچینێکی دیاریکراو. دەتوانین پارتی پێناسە بکەین بە حیزبێکی نەتەوەیی و دیموکراتی و جەماوەری.

**لڤین: لەسەرەتادا پارتی حیزبێکی دینی بووە و بارزانی فکرێکی دینی هەبووە، کەچی دەبینین کەسێکی مارکسیش لەم حیزبەدا جێگەی بۆتەوە ئەمە واتای ئەوە نییە کە پارتی هێڵی گشتی نییە ؟**

سەلام عەبدولاڵ: هێڵە فکرییە گشتییەکانە کە دەمانگەیەنێتەوە بەیەك، میللەتێك بریتی نییە لەچینێك، بۆیە دەبینیت پارتی کەسێکی هەڵگری بیروڕای سۆسیالیستی تێدا جێگەی بۆتەوە و کابرایەکی دیموکراتی و موسڵمانێکیشی تێدا جێبۆتەوە و شتێکی هاوبەش کۆیکردوونەتەوە کە تێکۆشانە بۆ میللەت و بۆ ئازادی نەتەوەکەمان.

**لڤین: لەدنیادا فەلسەفەیەکی بەم شێوەیە نییە کە لە ناو پارتێکی دیاریکراودا ئەم هەموو هێڵە هەبێت، ئایا ئێوە لەناو ئۆرگانەکانی رێکخستندا چ جۆرە فەلسەفەیەکی دیاریکراو بڵاودەکەنەوە ؟**

سەلام عەبدولاڵ: لەپێناسەی پارتییدا، پارتی پارتێکی حیزبی جەماوەرییە و، جەماوەریش شتێکی دیاریکراو نییە، ناکرێت هەموویان مارکسیی یان دینی بن، بەڵام هەموو ئەو خەڵکانە شتێك کۆیاندەکاتەوە، حکومەت دژایەتی ئێمەی دەکرد نەك لەبەرئەوەی کرێکارین یان شێخین یان مەلاین، بەڵکو دژایەتی کوردی دەکرد و ئێمەش خەباتمان لەپێناوی لابردنی ستەمدا دەکرد و زوڵمەکەش لە هەموومانم دەکرا.

**لڤین: لە سەرکردایەتی پارتیدا کام هێڵە فکرییە زاڵە بۆ کارکردن و هەڵوێستوەرگرتن؟**

سەلام عەبدولاڵ: هێڵی دیموکراتی و عەلمانی و نەتەوەیی. لەناو پارتیدا مەلایەکی مزگەوت جێگەی دەبێتەوە و کابرایەکی وەکو منیش جێگەی دەبێتەوە.

**لڤین: پارتی رابردوویەکی ئاینی هەبووە و کاتێک رۆشنبیرێکی پارتی قسەدەکات بۆ کەناڵێکی راگەیاندن باسی مەیلداری بارزانی دەکات بۆ ئایین، ئەمە لەکوێ و ئەو رۆشنبیرییە مارکسییە لەکوێ کەتۆ باسیدەکەیت؟**

سەلام عەبدولاڵ: هەرگیز رۆشنبیریی ئایینی لەناو پارتییدا زاڵ نەبووەو بیری ئاینیشی بڵاونەکردۆتەوە. بارزانی رۆڵی کەسایەتییەکی سیاسی بینیوە، نەك شێخێکی دینی، ئەوانەی لەناو عەشیرەتی بارزاندا خەریکی کاری ئایینی بوون خەڵکی تر بوون، بەڵام بنەماڵەی بارزانی بەوە ناسراون، کە خەریکی کاری نەتەوەیی بوون.

**لڤین: گەر بگەڕێینەوە بۆ ناوەڕاستی شەستەکان، لێکدابڕانی نێوان باڵی سەرکردایەتی و باڵی مەکتەبی سیاسی، باڵی مەکتەبی سیاسی دەیانووت کە بارزانی هەڵگری بیروڕایەکی عەشائیری دینییە، بەڵام باڵی مەکتەبی سیاسی هەڵگری بیروڕایەکی مارکسی پێشکەوتوخوازە ، ئەمە چۆن دەبینیت؟**

سەلام عەبدولاڵ: مێژوو سەلماندی کە ئەو خەتە هەڵەیەکی مێژووییان کرد کەوازیان لەبارزانی هێنا.

**لڤین: بۆچی لەو سەردەمەدا رۆشنبیرەکان دەچنە لای باڵی مەکتەبی سیاسی؟**

سەلام عەبدولاڵ: من ئەوانە بە مارکسی نازانم و ئەوانە (ماوی)بوون، بەڕاستی گەر مارکسی بوونایە

لایەنی میللەتیان هەڵدەبژارد نەك لایەنێكی تر. ئەوانەی كە جیابوونەوە هەر پارتی بوون و خۆیان بە پارتی راستەقینە دەزانی.

**لڤین: بەڵام فیكری ماركسی فیكرێكی نێونەتەوەییە ، جیاوازە لە بیری نەتەوە خوازی؟**

سەلام عەبدوڵا: حیزبی چینێكە و كار بۆ چینێك دەكات.

**لڤین: كۆكردنەوەی چەند هێڵێكی فكری لەناو پارتیدا هەندێك بۆ ئەو دەسەڵاتە مەركەزییە بەهێزەی بنەماڵەی بارزانی دەگێڕنەوە نەك باوەڕبون بە دیموكراتی ؟**

سەلام عەبدوڵا: بنەماڵەی بارزانی مافی خۆیانە سەركردایەتی پارتی بكەن،چونكە ئەوان دروستییان كردووە.

**لڤین: ئەو هێڵە فكریە جیاوازە بنەماڵەی بارزانی هێشتوویانەتەوە یان دیموكراتییەتی ناو پارتی؟**

سەلام عەبدوڵا: ئەو هێڵە كە هێشتویەتەوە حیزبە نەك ئەوان چونكە گەر بەحسابی ئێوە بێت دەبێت سرووشتێكی دینیان ببەخشیایە بەم حیزبە نەك سرووشتێكی عەلمانی دیموكراتی.

**لڤین: دوای شكستهێنانی بلۆكی سۆشیالیستی شیوعییەكان بە شەپۆل دێنەوە ناو پارتی هۆی ئەم گەڕانەوەیە بۆچی دەگێڕیتەوە؟**

سەلام عەبدوڵا: هۆكاری یەكەم بۆ تێكشكاندنی بلۆكی سۆڤێتی، بۆیە ئەو خەڵكانەی كە هەڵگری بیروڕای ماركسی بوون گەشتنە ئەو بڕوایەی كە ئەمانە بە هەڵەدابراون، لەولاشەوە سەیریان كرد حیزبێكی میللی جەماوەری هەیە و هاتنە ناویەوە. پارتیش بەدڵفراوانییەوە وەریگرتن.

**لڤین: بۆ ئەوەی ناگێڕیتەوە كە دوای راپەڕین پارتی دەسەڵاتی گرتە دەست و ئەمانیش حەزی دەسەڵات وایلێكردن بێنە ناو پارتیەوە ؟**

سەلام عەبدوڵا: ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو كەسانەی كە هاتنە ناو پارتی، ئەی بۆ یەكێتییان هەڵنەبژارد؟ دیارە پارتی حیزبێكی جەماوەرییە و جێگەی هەموو كەسێكی تیا دەبێتەوە.

**لڤین: وای نابینیت كە ئەمانە هەستیان بەوە كردبێت لەناو پارتیدا بۆشاییەكی فیكری هەبووە و ئەمانە بیریان لەوە كردبێتەوە كە دەتوانن زیاتر ئیشبكەن لەناو پارتیدا؟**

سەلام عەبدوڵا: نەخێر، پەیوەندی بەوەوە نییە و پارتیش حیزبێكی بێ بەرنامە و بێ فیكر نییە.

**لڤین: تا چەند لەگەڵ ئەوەدایت كەدەوترێت لە رابردوودا كەمتر خەڵكی شاریی و رۆشنبیر لەگەڵ پارتیدا بوون؟**

سەلام عەبدوڵا: لە كۆندا چی گەنج و چی شۆڕشگێڕ هەیە لەناو پارتیدا بوون و لە حەفتاكان و هەشتاكانیشدا پارتی دووربووە لە شارەكانەوە، ئاسان نەبوو بۆ پارتی بێتە ناو شار، ئەوكاتیش لە شاری سلێمانی بواری زیاتری لەبەردەمدابوو بچێتە ناو خەڵكەوە. ئەگەر وابێت رەنگە ئەوە هۆكار بووبێت كە پارتی دووربووە لە شارەكانەوە و یەكێتیش لە سلێمانییەوە نزیكبووە. نەك ئەوەی كە بیروڕاكەی بەكاری گەنج نایەت.

**لڤین: بەڵام پارتی لەناوچەی بادینان باڵادەستە، لەوێ كرانەوەی خەڵك چۆنە؟**

سەلام عەبدوڵا: دهۆك تا پێش شەست و هەشتیش لەسەر موسڵ بوو خوێندنیشی بە عەرەبی بوو، لەبەرئەوە لەوێ رۆشنبیریی‌و كولتوری عەرەبی زاڵبووە، بەڵام لەدوای راپەڕین دەیان رۆشنبیر و شاعیر و رۆماننوس لە دهۆك و زاخۆ بەدەركەوتن.

**لڤین:پارتی ئێستا لە دەسەڵاتدایە لە هەردوو ناوچەی سۆران و بادینان بۆچی هەوڵنادات جیاوازی رۆشنبیری نێوان ئەم دوو دەڤەرە كەم بكاتەوە ؟**

سەلام عەبدوڵا: ئێستە دوو لەهجەی سەرەكی بەكاردێت لە كوردستان، ئەو جیاوازییەی كە هەیە گوناهی پارتی نییە، حیزبی بەعسیش حەزینەدەكرد لێك نزیكببنەوە، من وای بۆ دەچم كاك مەسعود لە هەوڵی ئەوەدا بێت كە بكرێتە یەك و زمانیش ببێتە یەك زمان. لە هەموو كوچە وشارێكی كوردستاندا خەڵك قسەی پێبكات و لێی تێبگات.

**لڤین: كاتی خۆی بارزانی پێشنیاری ئەوەی كرد كە شێوەزاری سۆرانی زمانی فەرمی كوردەكانی عێراق بێت، كاك مەسعودیش پێشنیاری ئەوەی كردووە بەڵام ئەندامانی مەكتەبی سیاسی دەڤەری بادینان قبوڵیان نەكردووە؟**

سەلام عەبدوڵا: هێندەی من ئاگاداربم لە كۆبونەوەكانی مەكتەبی سیاسییدا بە زوبانی سۆرانی گفتوگۆ دەكرێت و لەو كۆبونەوانەی كە من بەشداریم تێداكردووە، بەمشێوەیە بووە.

**لڤین: بنەمای سەرەكی ئاسایشی هەر نەتەوەیەك زمانەكەیەتی ، پارتیش بانگەشەی نەتەوەیی بوون دەكات بۆچی ئەم لایەنەی فەرامۆش كردووە ؟**

سەلام عەبدوڵا: شتێكی وا هەیە كە بەبڕیارێكی سیاسی دەبێت زوبانی كوردی یەكبگرێتەوە، لە داهاتوودا رەنگە لەماوەی شەش حەوت ساڵدا ئەمە بكرێت، زوبانی نەرویجی و سویدی كە دوو زوبانی دەوڵەتن، زۆر لە زوبانی بادینی و سۆرانی لێك نزیكترن.

**لڤین:دەچینەوە سەر تەوەرەی رۆشنیری چەپەكان دەوترێت زۆربەی رۆشنبیرەكانی ناو پارتی چەپن؟**

سەلام عەبدوڵا: رۆشنبیریی پەیوەندی بە خودی كەسەوە هەیە، نەك بە حیزبەوە.

**لڤین: مەبەستمان لەوەیە كە هێڵە رۆشنبیرییەكەی پارتی بەدەست چەپەكانەوەیە؟**

سەلام عەبدوڵا: رەنگە هۆكار ئەوەبووبێت كە چەپەكان سامانێكی فیكری باشیان هەبووبێت و زیاتر بواری خوێندنەوە و لێكۆڵینەوەیان هەبوبێت و ئەوەش بۆ حیزبە نەتەوەییەكان نەڕەخسابێت هێندەی ئەوان سامانی فیكریان لەبەردەستدابێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەناو حیزبە نەتەوەییەكانیشدا خەڵكی رۆشنبیر هەیە و مەرج نییە هەموو كەسێكی رۆشنبیر چەپ بێت.

**لڤین: پارتی چەندە لەبیری ئەوەدابووە كە شیوعی و چەپەكان لەخۆی كۆبكاتەوە؟**

سەلام عەبدوڵا: من بڕوام نییە كە ئەمە بەبەرنامە كرابێت و پارتی بەبەرنامە ئەوەیكردبێت.

**لڤین: دەوترێت كە چەپەكان كۆنترۆڵی راگەیاندنی پارتییان كردووە؟**

سەلام عەبدوڵا: گەر وابێت دەبێت پارتی دیراسەی ئەو حاڵەتە بكات، چونكە پارتی حیزبێكی ماركسی و چەپ نییە. دەبێت سەركردایەتی رێگەنەدات كە راگەیاندن ئیحتیكار بكرێت لەلایەن چەند كەسێكەوە كە كۆن خۆیان بە چەپ زانیوە. مەرج نییە رۆشنبیر تەنها چەپ بێت.

**لڤین: من لە وتارێكدا خوێندمەوە كە رۆشنبیرەكانی ناو پارتی لەوە نارازین كە راگەیاندنی پارتی بەدەست كۆمەڵێك خەڵكی چەپەوە بێت؟**

سەلام عەبدوڵا: منیش حەزناكەم چەپ سەیتەرە بكات بەسەر راگەیاندنی پارتیدا.

**لڤین: ترس لەمە چییە؟**

سەلام عەبدوڵا: ترسەكە ئەوەیە كە بە ئاراستەیەكی هەڵەدا بیبەن، تۆ كە حیزبەكەت چەپ نەبێت، نابێت رێگە بدەیت حیزبەكەت بەو ئاراستەیەدا بڕوات، كەسێكی چەپ دەتوانێت گوزارشت لە رای خۆی بكات، بەڵام ناتوانێت حیزب بەو ئاراستەیەدا ببات، چەپەكانی ناو پارتی شتێكییان نەنووسیوە كە جەماوەری پارتی بەرەو چەپ بەرن

بەلاّم رەنگە بەرەو مەدەنیەت و عەلمانیەتیان بەرن.

**لڤین: واتە ئەو رۆشنبیرانە لە چەپێتی خۆیان کەوتوون؟**

سەلام عەبدولاّ: بەلّیّ بە مانای دارِمانی شیوعی، ئەگەر ئیمانیان بە شیوعیەت بمایەتەوە نەدەهاتنە ناو پارتییەوە.

**لڤین: پێتان وانییە کە پارتی قبوڵی ئەم رەوتە دەکات بۆ سرِینەوەی ئەو رابردووە ئاینییەیە کە بەسەر پارتیدا زاڵبووە؟**

سەلام عەبدولاّ: پارتی حیزبێکی ئاینی نەبووە و رۆشنبیریی ئاینیش بەسەریدا زالّ نەبووە، بەلاّم پارتی رێزی لە دین گرتووە. بەلاّم دینی نەهێناوەتە ناو پەیرِەو و پرۆگرامەوە و بلّێت ئەوەی دێتە ناو پارتییەوە دەبێت موسلّمان بێت و باوەرِی بە ئیسلام هەبێت، لەناو پارتیدا کاکەیی و ئێزدی و مەسیحی هەیە. ئەو سروشتە دینیە رەنگە پروپاگەندە بێت.

**لڤین: خۆتان بەکاریدێنن بۆ راکێشانی خەڵک؟**

سەلام عەبدولاّ: نەخێر وا نییە بەلاّم ئەم حیزبە لاری لەوە نییە کە خەلّك چ ئاینێك هەلّدەبژێریّ و موسلّمان بێت یاخود نا .

**لڤین: کاک مەسعود دەڵێت کەس لە من موسڵمان تر نییە؟**

سەلام عەبدولاّ: ئەوە وەلاّمێك بوو بۆ ئیسلامییە توندرِەوەکان کە دەیانوت پارتی حیزبێکی کافرە، بەتایبەت قاعیدە و ئەنسارولئیسلام، بەلّیّ ئەوەی وت و وتیشی سەرۆکی حیزبێکی دیموکراتیشم. ئاین ، برِوایەو پەیوەندی بەتاکەوە هەیە و رێگر نییە لەوەی تۆ موسلّمان بیت، ئەگەر پارتی حیزبێکی ئیسلامی بوایە، خۆ ئێزدی و کاکەیی و مەسیحی تێدایە، بۆ حیزبە ئیسلامییەکان ئەمانە قبولّناکەن. لە پرۆگرامیشدا ئەو چەسپاوە کە پارتی حیزبێکی دیموکراتیی عەلمانییە.

**لڤین: بەلاّم لە مومارەسەدا ئاینییە؟**

سەلام عەبدولاّ: نەخێر، وانییە.

**لڤین: بنەماڵەی بارزانی سەر بە تەریقەتی نەقشبەندیین، لە هەوڵی گەشەپێدانی ئەم پەیرِەوەدان؟**

سەلام عەبدولاّ: ئەوە پەیوەندی بە بنەمالّەی خۆیانەوە هەیە، ئەوە شتێکی تایبەتییە، یارمەتی حیزبیش بۆ تەریقەتی نەقشبەندی نییە.

**لڤین:دەچینە سەر تەوەرەی ئازادی و کرانەوە لە پارتیدا، پارتی زۆر باسی ئازادی و کرانەوە دەکات بەلاّم وەکو دەبینین بواری ئازادی رادەربرِین لە سلێمانی زیاترە تا هەولێر، دوو رۆژنامەی ئازاد و گۆڤارێک و رادیۆیەکی ئازاد هەن و هەر چواریان لە سلێمانین، تۆ ئەمە بۆچی دەگێرِیتەوە؟**

سەلام عەبدولاّ: برادەرێك وتی پایتەختی رۆشنبیری سلێمانییە و پایتەختی سیاسیش هەولێرە، ئەمەش دەگەرِێتەوە بۆ مێژوو، هەر ئەمرِۆ نییە، لە بیستەکانەوە پرسگەلی رۆشنبیری لە سلێمانی دەرکەوتووە، رەنگە رادەی رۆشنبیری لە سلێمانی زیاتر بێت و ئەمەش عەیبەیەکی تێدانییە. ئەوە بە حوکمی مێژوو، هەمووومان پێمانخۆشە کەسەیری (بەرنامەی بەرنامە)دەکەین، بەلاّم تا ئێستا لە هەولێر شتێکی وەها نییە.

**لڤین: ئەمە پەیوەندی بە حیزبەوە نییە؟**

سەلام عەبدولاّ: نەخێر

**لڤین:پارتی هەڵوێستی توند دەنوێنێت بەرامبەر رۆشنبیران بۆ نمونە مامەڵەی پارتی بەرامبەر (د.کەمالی سەیدقادر) زۆر توند بوو ؟**

سەلام عەبدولاّ: من ئەوە بە رۆشنبیر نازانم و رۆشنبیر قسەی واناکات،ئەو قسە پووچانەی ئەو کردی شایانی ئەوەیە خاوەنی ئەو قسانە بخرێتە شێتخانەوە، کەس نالّێت رەخنە مەگرە، بەلاّم قولّبوونەوە بۆ بابەتی ئەخلاقی و بوهتان کەی رەخنەیە، من رەخنەم لەو رۆشنبیرانە هەیە کە بەرگرییان لەو بەحساب دکتۆرە کرد، ئەم کابرایە وتبوی لەوەتەی هەم دەنووسم و کەس باسمناکات، بەلاّم بە دوو مەقالە هەموو دنیا باسیکردم.

**لڤین: بەلاّم رێگەی پێنەدرا لەبەردەم دادگادا دۆسیەکەی یەکلایی بکاتەوە،تا لە دادگادا شتەکان دەربکەوتنایە؟**

سەلام عەبدولاّ: مەحکەمە برِیاری دا و بە نهێنیش نەبوو، بەلاّم نازانم کامێرا لەوێبوو یان نا.

**لڤین: لەم ماوەیەی دواییدا لە رۆژنامەی هاولاّتی بابەتێک دابەزی سەبارەت بەوەی کە پاش کاک مەسعود دەسەلاّت بۆ کێیە، ئەم بابەتە تەنانەت لای رۆشنبیرەکانی پارتیش جێی رەزامەندی نەبوو، ئەمە هۆی چییە؟**

سەلام عەبدولاّ: من بە شتێکی غەریبم نەزانی و لای من ئەوە شتێکی تابۆش نییە تا قسەی لەسەر نەکریّ، ئەمە شتێکی ئاساییە.

**لڤین: کاک سەرۆ زۆر بەتوندی وەلاّمی دایەوە؟**

سەلام عەبدولاّ: باوەرِناکەم ئەو شتە لای سەرکردایەتی پارتی هێندە گرنگ بێت، زەمەنی ئەوەش نەماوە کە هەموو شتێك بە تەعینکردن بێت، چالاکی و توانای ئەو کەسە برِیاردەدات، سەرۆکایەتی هەرێم لە ئایندەدابە هەلّبژاردن دەبێت.

**لڤین: واتە وەلاّمەکەی کاک سەرۆ وەلاّمێکی شەخسییە؟**

سەلام عەبدولاّ: نازانم، ئاگادارنیم.

**لڤین: دەوترێت پارتی لە سالاّنی رابردوودا بەدەست لاوازی راگەیاندنەوە نالاّندویەتی بەلاّم ماوەیەکەزۆربەجدیکارلەسەر راگەیاندن دەکات؟**

سەلام عەبدولاّ: هەموو حیزبێك پێویستی بە راگەیاندنێکی بەهێز هەیە و پێویستییەتی بەتایبەت لەکاتی هەلّبژاردندا، ئەگەر وابێت وەکو ئەوەی تۆ دەیلّێی ئەوە کارێکی باش دەکات.

**لڤین: ئایا کردنەوەی ئەو هەموو کەناڵە راگەیاندنە لەلایەن پارتییەوە هەوڵێک نییە بۆ راوکردنی رۆشنبیران؟**

سەلام عەبدولاّ: جا ئەوە مافی خۆیەتی تا رۆشنبیرمان لەگەلّدابێت زۆرمان پێخۆشە. ئەگەر رۆشنبیر، رۆشنبیر بێت بەپارە راوناکرێت و ئەو رۆشنبیرانەشی کە بە پارە راودەکرێن ناتوانن سود بە حیزب و میللەتەکەش بگەیەنن.

**لڤین: پێتوایە لەم رۆژگارەدا کەسێکی رۆشنبیر تەسلیم بەحیزبێکی وەکو پارتی یان یەکێتی بێت، گەر مەسەلەی پارەی لەپشتەوە نەبێت؟**

سەلام عەبدولاّ: زەمانی ژیانی رۆشنبیر شتێکی باشە و واجبە، کرێکاریش کرێی رۆژانەی دەوێت، بەلاّم زیاد لەپێویست و دەم چەورکردن شتێکی باش نییە، رۆشنبیرێك کە خاسیەتی رۆشنبیری لێدەکرێتەوە حیزبەکەشی سوودی لێوەرناگرێت.

**لڤین: کۆمەڵێک لە رابردوودا زۆر توند بووە بەرامبەر بە پارتی و ئێستا پارتی قبوڵیکردوون؟**

سەلام عەبدولاّ: رەنگە بیروبۆچوونیان لەگەلّ حیزبێکدا نەگونجابێت ئێستە وەکو کادیری ئیعلامی پارتی کاردەکەن.

**لڤین: دەڵێن پارتی رۆشنبیر دەهێنێتە ناو حیزبەکەیەوە و دواتر پشتی تێدەکات ؟**

سەلام عەبدولاّ: من بە چاوی خۆم ئەوەم نەبینیوە و نەمبیستووە، کادیرەکانی ئیعلامی پارتیش لەنزیکەوە دەناسم و هەموویان خەلّکانی دلّسۆزن.

**لڤین: بۆ نموونە پرۆژە هەبووە پارتی لەسەرەتادا پاڵپشتی زۆرباشی کردووە و پاشتر وازیلێهێناوە؟**

سەلام عەبدولاّ: ئاگاداری بابەتی لەوشێوەیە نیم.

**لڤین: مەرجە کادیرەکانی راگەیاندن پارتی بن ؟**

سەلام عەبدولاّ: مەرج نییە، حەمەسەعید حەسەن پارتی نییە.